یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

مەکتەبی ڕێکخستن

بەشی ڕوناکبیری

# چاوپێکەوتنی کەناڵی ئاسمانیی KURDsat

# لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلال

# چاوپێکەوتنی کەناڵی ئاسمانیی

# KURDsat

## مام جەلال: زۆرم پێخۆشبوو

## کە لەسەر دەستی لێپرسراوێکی کورد

## ناکۆکیی لەگەڵ برایانی تورکیا

## لابچێتو لاپەڕەیەکی نوێ بکەینەوە

# چاوپێکەوتنی کەناڵی ئاسمانیی KURDsat
## لەگەڵ هەڤاڵی بەڕێز مام جەلال

---


★ کۆمپیوتەری کوردستانی نوێ

★ نامیلکەی ڕووناکبیری ژمارە (٩٥)

★ ١٥٠٠ دانە

★ سلێمانی / کانونی یەکەم ٢٠٠٣

*پاش مانگێك لەسەرۆكایەتیی ئەنجومەنی حوكم و مانگێك پڕ لەكاری دیپلۆماسی و سیاسی، بەپێویستمان زانی ئەڵقەی ئەمجارەی بەرنامەی لەبەغداوە لەگەڵ بەڕێز مام جەلال چاوپێكەوتنێك ساز بكەین. سەرەتا دەستخۆشیی ئەم مانگەو ئەم هەموو كارو چالاكییە دەكەین، بەپرسیارێك دەستپێدەكەین ئەویش رەنگە یەكێك لەڕووداوە گرنگەكان رێككەوتننامەی (١٥/تشرینی دووەم) بێت، ئەو رێككەوتنە زۆر قسەوباسی لەسەر كراوە، دەمانەوێت لەسەر ئەوە قسە بكەین كورد لەكوێی ئەم ناكۆكییانەدایە كەهەبوو لەناو رێككەوتنەكەدا؟

مام جەلال: ئەم رێككەوتنە بەڕاستی هەموو خاڵەكانی، خاڵێكی سانەوی نەبێت، بەگشتیی دەنگ بڕیاری لەسەر دراوە، راستییەكەی ئەمەی خوارەوەیە كەبۆتان دەگێڕمەوە:

ئەو رۆژە کۆبوونەوەی ئەنجومەن لەماڵی ئێمە بوو لەم خانووە، لەو کۆبوونەوەیەدا لەپێشەوە ئەو بەلاغی رۆژنامەگەرییەی کە من خوێندمەوە ئەوە قسەی لەسەر کرا، تەسدیق کراو سەفیری ئەمریکاو سەفیری ئینگلیزیش لەسەری رازیبوون، بەجۆرێك رێککەوتن لەنێوان هەموومان، ئەوەبوو من لەکۆبوونەوەی رۆژنامەنووسیدا خوێندمەوە، رێککەوتننامەکەش خاڵ بەخاڵ خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوەو دەنگدانەوە، هەموو رێککەوتننامەکە قبوڵکرا، دوو فەقەرەی لێ لابرا، تەنها برایانی مەجلیسی باڵای شۆرشی ئیسلامی لەعیراق لەسەر یەك خاڵ گلەییان هەبوو، ئەویش بریتییە لەو کۆمیتەیەی کەپێی دەڵێن کۆمیتەی رێکخستن لەپارێزگاکان کەسەرپەرشتی هەڵبژاردنی نوێنەرانی ئەو پارێزگایانە دەکات بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی ئینتیقالی.

خاڵەکانی‌تر، کەخاڵی گرنگ و سەرەکین، هەمووی بەگشتیی دەنگ قبوڵکرا، لەسەر ئەم خاڵە کەگوتم، برایانی ئەنجومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامی هەڵوێستەیەکیان کردو گوتیان: دەمانەوێت نەختێك زیاتر لەسەر ئەوە قسە بکەین، ئەوەبوو پاشان بەگشتیی دەنگ قبوڵکرا، لەسەر ئەم خاڵەش کەزۆر درێژەی

کێشا، لەسەر داوای برایانی حزبی ئیسلامی عیراقی و حزبی دەعوای عیراقی خستمە دەنگدانەوە، (٢١)دەنگی هێنا لە (٢٤)، واتە ئەو خاڵەش ئەوان بەتەنها لەگەڵ نوێنەری سەماحەتی بحر العلوم تەحەفوزیان لەسەری هەبوو، باقی هەموو قبوڵیان کرد کەئیعلان کرا، دیارە ئەوە بوو بەڕێککەوتن و دیارە ئەو ڕێککەوتنە پاشگەزبوونەوەی بۆ نییە، ئێستا هەموومان لەسەری سوورین کەئەوە دەبێ بمێنێتەوە، چونکە ئەم ڕێککەوتننامەیە شتی زۆر گرنگی تێدایە:

یەکەمینیان: وەرگرتنەوەی سەربەخۆییە.

دووەم: وەرگرتنەوەی سیادەی عیراقییە.

سێیەم: نەهێشتنی ئیحتیلالە.

چوارەم: ئەوەیە کەهەموو سەروەت و سامانی عیراق بکەوێتە دەست ئەو حکومەتە ئینتیقالییە سەربەخۆیەی کەدادەمەزرێت.

ئەم شتە گرنگانە شانبەشانی ئەوەی کەمەسائیلی ئەمنی داخلی، مەسائیلی پەیوەندییەکانی دەرەوە، مەسائیلی دانانی بودجە هەمووی دەکەوێتە دەست خۆمان، بۆیە بەڕاستی ئەوە سەرکەوتنێکی زۆر گەورەیە.

من دەمەوێ پێت بڵێم: من ئەم شتەم باسکرد بۆ سەفیری فەرەنسی، گوتی: ئەوە ئەوەبوو کەئێمە لەمەجلیسی ئەمن دەمانویست بەئەمریکای بسەلمێنین، ئێوە لێرە توانیتان ئەمە جێبەجێ بکەن، ئەم رێککەوتننامەیە سەرۆك بوش بەگەرمی پشتیوانیی لێکردو گوتی: ئێمە دەزانین کەئەنجومەنی حوکمڕانی شایستەی ئەوەیە کاروباری وڵاتی خۆی بگرێتەدەست، لەبەرئەوە ئێمە ئامادەین هەرچی زووترە کاروباری وڵاتەکەتان بدەینەوە دەست خۆتان.

ئەمە راستییەکانە، ئێستا هەموومان لەسەری موتەفیقین کەئەم رێککەوتننامەیە بەبرایانی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیشەوە رێککەوتننامەیەکی مێژوویە، زۆر گرنگەو دەبێت هەمووما‌ن دەست بەئەڵقەکەیەوە بگرین.

لەپرۆسەی جێبەجێکردندا، هەندێك شتی تازەمان خستووەتە سەر، نەك خستووەتە سەر رێککەوتنەکە، بەڵکو هێناوەتە کایەوە بەرەزامەندیی ئێمەو CPA، وەکو ئەنجومەنی پارێزگاکان لەگەڵ پارێزگارە نالەبارەکان بگۆڕرێن، وەکو ئەوەی کەوا تەئکیدێك بکرێتەوە لەفەقەرەیەکی تایبەتی‌دا کەوەزعی ئێستای کوردستان،

دیفاکتۆی کوردستان سەلمێنراوەو دەمێنێتەوە، وەکو ئەوەی کەدینی ئیسلام ڕێزی لێدەگیرێت بەئیعتیباری ئەوەی دینی بەشی هەرە زۆرە، لەگەڵ ڕێزگرتن لەدینەکانی تریش، وەکو ئێزدیو وەکو مەسیحیو وەکو هەموو دینەکانیتر.

هەروەها لەسەر مەسەلەی هەڵبژاردن، سەماحەتی ئایەتوڵڵای عوزما سەید محەمەد عەلی سیستانی فەرمایشتێکی هەبوو کەهەڵبژاردن باشە، دیارە ئێمە لەئەنجومەنەکە بەگشتیی دەنگ لەسەر ئەو ڕەئیەین کەگەڕانەوە بۆ ڕای گەلی عیراقو هەڵبژاردن شتی هەرە باشەکەیە، بەڵام هەمووشمان لەو ڕەئیەین کەئەو هەڵبژاردنە لەتوانادا نییە، بۆیە بەنیازین شێوەیەکی ئەوتۆ بدۆزینەوە کەتێیدا هەڵبژاردن لەپارێزگاکان بەشێوەیەکی فراوانتر بکرێت لەپێشوو، خەڵکێك کۆبکرێتەوە لەهەر پارێزگایەك (٤٠٠)کەسێك، ئەوانە هەڵسن نوێنەری ئەو پارێزگایە هەڵبژێرن بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی ئینتیقالی، واتە لەسەر ئەوەش پێکهاتووین، ئێستا دەتوانم بڵێم: هیچ گیروگرفتێکی گرنگ لەڕێگادا نەماوە، لەڕێگای جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە گرنگە بەتایبەتی کەئێمە چەند کۆمیتەیەکیشمان داناوە: کۆمیتەیەکمان داناوە بۆ دانانی

یاسای کاتی حوکمڕانی، کۆمیتەیەك بۆ چاککردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان، کۆمیتەیەکمان داناوە بۆ هاوکاری لەگەڵ هاوپەیمانان لەسەر مەسەلەی ئەمنییەتی وڵات، کۆمیتەیەکمان پێکهێناوە لەسەر چۆنێتیی هەڵبژاردنی پارێزگاکان، کۆمیتەیەك بۆ مەسەلەی حەج و کاروباری حەج و پەلەکردن لەئاسانکاریی بۆ حاجییەکانی ماڵی خوا.

بەمە دەتوانم بڵێم: ئێمە هەنگاوی گەورەمان ناوە لەپێناوی جێبەجێکردنی رێککەوتننامەکە.

*دواجار ئەو کۆسپانە نابنە هۆی دواخستنی ئەو جەدوەلە زەمەنییەی کەدانراوە؟

مام جەلال: نەخێر.. ئەو کۆسپانەی وەك بۆم باسکردی، کۆسپە گەورەکان لادراون لەڕێگا، هەرچی تریش بێتە پێش نابێتە هۆی ئەوەی کەئەو جەدوەلە زەمەنییەی دانراوە دوابکەوێت، بەپێچەوانەوە ئێمە هیوامان وایە پێشوەخت ئەو جەدوەلە جێبەجێ بکرێت.

*هەندێك مەسەلەی هەڵبژاردنیان پێ عەمەلی نەبوو؟

مام جەلال: بەشە هەرە زۆرەکە، نەك هەندێك. دەتوانم بڵێم بەگشتیی دەنگ، لەسەر هەڵبژاردن دەتوانم شتێکت پێبڵێم؛ گشتی دەنگ هەڵبژاردنیان پێباشە وەکو سەرەتا کەبگەڕێتەوە بۆ رەئی خەڵك باشە، بەڵام بەگشتیی دەنگیش پێیان وابوو کەلەم ماوە کورتەدا ئەم هەڵبژاردنە بەشێوەی هەرە باش و راست مومکین نییە، بۆیە دەبێت شێوەیەکی‌تر بەکاربێنین، کەهەم رەئی خەڵکی تێدا دیاربێت و هەمیش ئەو هەڵبژاردنە نییە کە لەبۆ دەستووری هەمیشەیی ئینشائەڵلا لە (٢٠٠٥)دا دەیکەین، بەڵام ئێمە هەنگاوێکیشمان بۆ ئەوە هەڵێناوە، ئەویش ئەوەیە بەهۆی جوامێری دەزگای ئاماری سلێمانییەوە کەهاتن لێرە دەزگای مەرکەزییان قانیع کرد کەسەرژمێری دەکرێت، وا نییە وەکو جاران دەیانوت بە (١٨)مانگ و سێ ساڵ، بەڵکو ئەوان توانیویانە رێگەوشوێنێك دابنێن کە لە (٦)مانگدا سەرژمێری بکەن، سەرژمێری لە (٦)مانگدا دەکرێت، بە (٢)مانگیش ئەنجامەکانی دەردەچێتەوە، کەواتە لە (٨)مانگی داهاتوودا ئێمە ئینشائەڵلا سەرژمێری تەواوی عیراقمان کردووەو ئەنجامەکەشمان کەوتووەتە

بەردەست بۆئەوەی لە (٢٠٠٥)دا بتوانین هەڵبژاردنی لەسەر بکەین.

*لەماوەی سەرۆکایەتیتاندا بۆ ئەنجومەنی حوکم، هەڵوێستی تورکیاو ئێرانمان بینی بۆ بانگهێشتکردنی مەجلیسی حوکم، بەڵام ئەم هەڵوێستە لەوڵاتە عەرەبییەکانەوە نەبوو؟

مام جەلال: نا، وا نییە.. یەکەم دەمەوێت بۆت باسبکەم، هی ئێران پێش ئەوەی خۆت دەزانی من سەفەر بکەم، سەفەرێکی ئێرانم کرد پێش ئەوەی بچمە میسرو ساوپاولۆو ئەو شوێنانە، لەوێ من لەگەڵ جەنابی سەید محەمەد خاتەمی، جەنابی دکتۆر خەرازیو چەندین برادەریتر قسەمان کرد، کە من بوومە سەرۆکی ئەنجومەنی حوکمڕانی چەندین رێککەوتننامە بکەینو ئەوان منیان دەعوەتکردو گوتیان؛ هەر لەئێستاوە دەعوەتت دەکەین کەبوویت بەسەرۆك بێیت لەگەڵ وەفدێکدا. پێشنیارەکانی ئەوان هات، من بەسەر وەزیرەکانی خۆماندا دابەشم کرد، وەزیرەکانی ئێمە لەپێشنیارەکانی ئەوانیان کۆڵییەوەو وەڵامی خۆیان ئامادەکرد. کەچووین، وەفدێکی

گەورە چووین، توانیمان هەموو ئەو ڕێککەوتننامانە ئیمزا بکەین لەهەموو بوارەکاندا. من بەخۆشییەوە پێتدەڵێم: شانازی بەوە دەکەم کە لەگەڵ ئەو دوو دراوسێ گەورەمان (ئێران و تورکیا) توانیمان ڕێککەوتنی باش ئیمزا بکەین و ئەو تەمومژەی لەئاسمانی پەیوەندیی نێوان ئێمەو تورکیادا هەبوو رایمالین و نەیهێڵین. من زۆرم پێخۆشبوو کە لەسەر دەستی لێپرسراوێکی کورد ناکۆکیی لەگەڵ برایانی تورکیا لابچێت و نەمێنێتەوەو لاپەڕەیەکی نوێ بکەینەوە. هەروەها زۆریشم پێخۆشبوو کەئێمە وەفاداری و جوامێریی کوردانەمان نواندەوەو جارێکیتر لەگەڵ ئێران سەبارەت بەوەی کەوا لەڕابردوودا چاکەی هەبووە بەسەرمانەوە، ئێمەش چووین ئەو جۆرە هاوکارییەمان لەگەڵ کردن.

بەڕاستی من دەمەوێ پێت بڵێم: لەهەموو دانیشتنەکاندا ستایشی ئەو هەڵوێستە دەکرا لەلایەن برایانی ئێرانەوە، هەر لەجەنابی سەرۆك کۆمارەوە بگرە تاسەر د.خەرازی و تاسەر وەزیری ناوخۆو تاسەر هەموو ئەو کەسانەی ئێمە لەئێران دیمانن.

*یەکێکی‌تر لەو هەڵوێستانە کەداواتان کردبوو بەپێی ڕاگەیاندنەکان کەسوپای تورکیا پاشەکشێ بکات؟

مام جەلال: ئەوە باس نەکرا، ئەوە ڕۆژنامەکان باسیان کرد، ئێمە لەوێ لەگەڵ تورکیا وتمان لاپەڕەیەکی نوێ دەکەینەوە، پێشتر پێیان وتراوە لەشکریان نەیەت و ئەوەی هەیە بڕوات، ئەوان خۆشیان لەو بڕوایەدان. ئێمە ئەوەی باسمان کرد کەلاپەڕەیەکی نوێ بکەینەوە، لاپەڕەیەکی نوێمان کردەوە لەپەیوەندییەکان و وامان کرد نێوانمان بەتەواوی باش بێتەوەو ڕێککەوتنێکیشمان ئیمزاکرد.

لەسەر پرسیارەکەی یەکەمیشت، کەدەوڵەتە عەرەبییەکان، وا نییە بۆ نموونە ئوردن دەعوەتی کردین، سەرۆک وەزیرانی ئوردن نامەیەکی زۆر بەئەدەب و دۆستانەی نووسیبوو بۆ من، هەم پیرۆزبایم لێدەکات کەبوومەتە سەرۆکی ئەنجومەنی حوکم و هەم دەڵێت؛ تۆ شایستەی ئەوەیت و من دەزانم سەرکەوتووانە کارەکان دەبەیت بەڕێوە، هەم دەعوەتمان دەکات، بەڵام کات نەبوو بچین. یاخود جەنابی سەرۆک کۆماری میسر سەرۆک محەمەد حوسنی موبارەك لەنامەیەکدا کە من بۆم نووسیبوو، بەپیر

دەنگەکەمانەوە هات بۆ یارمەتیدانمان و ئامادەیی نیشاندا کەچی باشە ئاسانکاریمان بۆ بکات بۆ سەرکەوتنی ئەنجومەنەکە، کەدوو دەوڵەتی گرنگن، یەکێکیان دراوسێیەکی خۆمانەو یەکێکیشیان دەوڵەتە هەرە گەورەکەی عەرەبە.

*دواڕۆژی کۆبوونەوەکە سەرجەم ئەندامان داوایان لێکردیت وەکو سەرۆك بمێنیتەوە؟

مام جەلال: بەڵێ.. ئەوە لوتفیان بوو گوتیان، هەموویان سوپاسیان کردو هەموویان نیشانیان دا کەمن دەورم باشبووەو تەنانەت جەنابی برای خۆشەویستمان کاك حجە الاسلام سەماحەتی عەبدولعەزیز ئەلحەکیم گوتی: من دەورەکەی خۆم پێشکەش دەکەم، برادەرانی‌تر لوتفیان کرد د.محەمەد، موحسن عەبدولحەمید.

من گوتم: سوپاستان دەکەم و هەرکەسە ئینشائەڵلا دەوری خۆی دەبینێت و هەموویان دیاربوو رازیبوون لەو ماوەیەی کارم لەگەڵ کردوون و لوتفیان کردو مەمنوون بوون، منیش و ئەوانیش مەمنوونیەتیان نیشاندا.

٥

*ئێستا هیچ تەمومژێك لەسەر مەسەلەی فیدرالیزم بۆ گەلی کوردستان نییە؟

مام جەلال: مەسەلەی ئێستای واقیعی ئێستای کوردستان قبوڵکراوە تا دەستووری هەمیشەیی دادەنرێت، لەکاتی دەستووری هەمیشەییدا مەسەلەی فیدرالی باس دەکرێت، لەسەر فیدرالیزم رەئی جیاجیا هەیە، رەئێك هەیە بۆ نموونە حەرەکەی ئیشتراکی عەرەب دەڵێ: کوردستان فیدرال بێت، پارێزگاکانی‌تر لامەرکەزییەتیان هەبێت، هەندێك هەیە دەڵێ: کوردستان فیدرال بێت، شوێنەکانی‌تر فیدرالییەتیان هەبێت، هەندێك هەیە دەڵێ: نەخێر.. کوردستان خۆی هەبێ، بەلام هەندێ خەڵکی غەیری کوردیشی بخرێتە سەر، وەکو عەرەبەکانی موسڵ و ئەوانە، هەندێك هەیە دەڵێ: فیدرالییەتێکی عەرەبی سوننی هەبێت، یەکێکی عەرەبی شیعەو هی بەغداو هی کوردستان.

هێشتا نەبڕاوەتەوە، ئەو مەسەلەیە سەرەتاکە قبوڵکراوە، بەلام تەفسیراتەکەی هێشتا لابەلا نەکراوە.

*ژمارەیەك لەئەندامان لەگەڵ ئەولەویەتی دیموکراتیزەکردندان، یانی هەرچی زووە لەسەر

مەسەلەی دیموکراسی ئیش بکرێت، هەندێکی‌تر پێیان وایە خێرا سەروەرێتیی عیراق بگەڕێتەوە؟

مام جەلال: ئەوەی لای هەمووومان لەسەری سوورین، کەگەڕانەوەی سەروەریی عیراق و سەربەخۆیی عیراق لەپێشەوەیە، ئەوە رێگا ناگرێ لەوەی دیموکراسی بکەیت و ئێستا دەزانی لەعیراق ئەوپەڕی دیموکراسی هەیە، رۆژنامەکان ئازادن، حزبەکان ئازادن، گروپەکان ئازادن، رێکخراوەکان ئازادن.

من دەمەوێ شتێکت پێبڵێم: رەنگە تۆ یەکەمجار بێت کەئەوە بلاوی بکەیتەوە، ئەمرۆ ئێمە بڕیارێکی زۆر باشمان دا کەهەرچی رێکخراوو نەقابەو کۆمەڵی جوتیارانی زەمانی بەعس هەیە هەڵتەکێتەوەو سەرلەنوێ دابمەزرێتەوەو بەشێوەیەکی دیموکراتی، ئەمەش هەڵبژاردنەو ئەمەش دیموکراسی‌یە.

# بۆچی العربية جلەوكرا ؟

نووسینی: جەلال تاڵەبانی

٢٠٠٣/١٢/٤ واشنتۆن پۆست

لە٢٣ی نۆڤەمبەر، بڕیارێكی گرنگمدا بۆ پاراستنی ئەو دیموكراسییە چەكەرەكردووەی كەئێمە لەعێراقدا گەشەی پێدەدەین. لەبری ئەنجومەنی حوكم لەعێراقدا، بەشێوەیەكی كاتیی كەناڵی ئاسمانیی (العربية)م لەناردنی ڕاپۆرتە هەواڵەكانی لەئۆفیسەكەی بەغداوە ڕاگرت.

لەوكاتە بەدواوە، گوێبیستی سەدان تەئویلاتی جیاجیا بوومەوە لەسەر ئەم مەسەلەیە "ئایا ئێوە چۆن بانگەوازی

بەرەوپێشبردنی دیموکراسی دەکەن، لەکاتێکدا ڕاگەیاندنێکی ئازاد دەخنکێنن..؟".

وەڵامەکەش زۆر ساکارە؛

ئێمە دژی چالاکییە ڕۆژنامەنووسییە شەرعیو مەوزووعییەکان کارناکەین، ئێمە هەنگاو بۆ قەدەغەکردنی ئەو جەنگە سایکۆلۆژییە دەنێینو لەهەمووشی گرنگتر هاندانی کوشتنە.

هیچ وڵاتێکیش لەوە کەمتر ناکات.

لەوەش زیاتر، لەکاتێکدا ئێمە ئەو کەناڵەمان قەدەغەکردووە لەپەخشکردنی وێنەکانی لەبەغداوە، ئەو کەناڵەمان ڕانەگرتووە لەبەردەوامبوونی لەکۆکردنەوەی هەواڵەکانی ناو عیراق.

چی ئەم مەسەلەیەی ورووژاند..؟

العربیة، بەئاگاییەوە یاساکانی عیراقی پێشێلکرد، هەروەها مەرجە یاساییەکانی خۆیشی سەبارەت بەهاننەدانی توندوتیژیی لەوڵاتەکەماندا.

لـه١٦ای نۆڤەمبـەر (العربيـة) كاسـێتێكی دەنگیـی بلاوكـردەوە كـەگوایا دەنگـی سـەدام حسـێنە، سـەدامێك بـەو میراتـە تۆقێنەرەیـەوە ناسـراوە، كەبریتییـە لەبەرپرسـێتیی لەكوشتنی چەندین ملیۆن لـەهاوولاتیانی ولاتەكـەم بـەبێ هیـچ گونـاهێك، ئەشـكەنجەدان، ئیعدامكـردنو دواتریـش داڕووخانی ئابووریی عیراق.

چیی وت..؟

داوای لـەناوبردنی ئەنجومـەنی حوكـمو هێزەكـانی هاوپەیمانی دەكرد، ئەو هێزانەی كەڕزگاریان كردینو حـاڵی حازر یارمەتیمان دەدەن لەبونیاتنانەوەی ولاتەكەمان.

سەدام لەسزای یاسـا هـەلاتووە، بەتۆمـەتی تاوانـەكانی جینۆسـاید، كـەچی (العربيـة) بـەكارێكی گونجاوی دادەنێـت، كەڕێگای پێبدات بۆ ئەوەی مایكرۆفۆنەكانی بەكاربهێنێت بۆ بانگەواز بۆ تیرۆریزم. لەوانەیە هەندێك بپرسـن، میدیاكـانی تر راپۆرتیان لەسەر هەمان كاسێت بـەخش نـەكرد..؟ بـەڵێ میدیاكـانی تریش بەكەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەكانیشـەوە، باسـی ئـەو كاسـێتەیان كـرد، بـەلام (العربيـة) كاسـێتەكەی

بەتەواوەتی پەخشکرد، هەر هەموو (١٧) دەقیقەکەی، لەکاتێکدا ئەوانی تر بەشێکیان پەخشکرد، (العربیة) دەستپێشخەربوو لەپەخشکردنیو ئەوانی تریش لەدوای (العربیة) بڵاویان کردەوە.

سەدام حسێن دەیەوێت ترس بڵاوبکاتەوە لەناو عیراقییەکاندا، لەکاتێکدا رێگای داهاتوویەکی دیموکراسییان گرتووەتە بەر. بانگەشەی کوشتنی هاورێکانم دەدات لەئەنجومەنی حوکمدا، ئەوانەی بەڵێنی داهاتوویەکی دیموکراسی بۆ عیراقو رێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤیان داوە، داوای دیموکراسی بۆ عیراقو رێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤیان داوە، داوای کوشتنی هێزەکانی هاوپەیمانان دەکات، لەبەرئەوەی بوێرانە لەدەسەڵات لایانبرد، لەهەمووشی شوومتر، هەوڵی هاندانی توندوتیژیی دەدات لەژێر ناوی ئایینەوەو بانگەشەی (جیهاد) دەکات، بەمەش هانی (القاعیدە)و گرووپە تیرۆریستییەکانی تریش دەدات بۆ ئەنجامدانی هێرشە خۆکوژییەکان لەدژی دۆستەکانمان لە خاچی سوور، نەتەوە یەکگرتووەکانو هاوپەیمانەکان.

ئەمە رۆژنامەوانی نییە، بەڵکو یارمەتیدان، هاندانی چالاکییە تیرۆریستییەکانە.

ئێمەش لەبەرامبەردا، پەیڕەویی یەکێك لەو ئیمتیازە کەمانەی کەهەمانە دەکەین، ئەویش نەهێشتنی (العربية) لەبەکارهێنانی شەپۆلە ئاسمانییەکانمان بۆ پەخشکردنی راپۆرتەکانی لەبەغداوە.

ئەمەش هەنگاوێکی ئاسایی‌و شیاوە-هەنگاوێکە کەدەکرێت پووچەڵ بکرێتەوە ئەگەر بێت‌و (العربية) دڵنیامان بکاتەوە کەچیتر کاری لەوجۆرە ئەنجام نەدات، لەهاندانی توندوتیژی‌و تیرۆریزم بەبەردەوامیی کەناڵی (العربية)- مان ئاگادارکردەوە کە بەبۆچوونی کەناڵەکەیان سەرقاڵی راگەیاندنێکی نامەسئولانەو ئیستیفزازییە.

گوێبیستی چەندین بەڵێن بووین بۆ هەڵسوکەوتی باشترو نامەیەکی (وليد ابراهيم بن ابراهيم) بەڕێوەبەری کەناڵی (العربية)م لەبەردەستدایە کەدەڵێت؛ (*ئێمە هیچ بابەتێك بڵاوناکەینەوە کە لەخزمەتی گرووپ‌و لایەنی حزبی بێت یاخود بابەتەکە بریتی بێت لە پروپاگەندەیەکی تەواو*

*بۆ لایەنێکی حزبی یاخود ئێمە نەزانین لەڕاستی و دروستیی ماددەکە، یاخود بەلای بینەر وابێت کەئەمە پروپاگەندیەکی تەواوە بۆ لایەنێکی حزبی سەبارەت بەمەسەلەیەك)..*

کەواتە چۆن بابەتێك بڵاودەکەنەوە کە بریتییە لەهەڕەشەو توندوتیژی لەلایەن سەرۆکی حزبی بەعس، کەتەنیا دەتوانین ئەم کارە بەوە پێناسە بکەین ئایا ئەمە بریتی نییە لە "پروپاگەندەیەکی تەواو بۆ یەکێك لەحزبەکان..؟ ئایا تەنیا بڵاوبوونەوەی بانگەوازەکەی سەدام بریتی نەبێت لەپروپاگەندە، ئەی دەبێت چی بێت..؟"..

کەچی لەدرێژەی نامەکەدا (وەلید) دەڵێت ئێمە بەستافی کەناڵەکەمان راگەیاندووە کەهیچ بابەتێك بڵاونەکەنەوە بانگەوازی توندوتیژیی بکات، بەهەر شێوەیەك بێت.. یان بەهەر پروپاگەندەیەك بێت، ئێمە لەو باوەڕەداین کەئەمانە خزمەت بەڕێکخراوە تیرۆریستییەکان دەکەن..

کەچی زۆر بەڕاشکاوی ئەم کاسێتە داوای توندوتیژیی دەکات، یاخود دیارە کەناڵی (العربیة) دەیەوێت رژێمی

سەدامو پاشماوەکانی بەرێکخراوە تیرۆریستییەکان لەقەڵەم نەدات.

کەناڵی (العربیة) دەڵێت؛ سیاسەتەکەی ڕێگا بەبڵاوکردنەوەی بابەتێك نادات ئەگەر لەڕاستیو دروستیی ئەو بابەتە تەئکید نەبین، کەچی هەتا (CIA) دەڵێت نەزانراوە، کەئایا کاسێتەکە دەنگی خودی سەدامە، ئایا کەناڵی العربیة زیاتر لەم پسپۆرانە شارەزاترە، کەئەمانە هەستیارترین ئەلکترۆنیاتیان هەیە لەجیهاندا، وانییە..؟

بەگشت پێوەرەکان کەناڵی (العربیة) پێشێلکاری ئامۆژگارییە تایبەتییەکانی خۆی کردووە، بێگومانیش پێشێلکاریی یاسای عیراقیی کردووە، کەیاسای عیراقی بڕیاری توندی هەیە دژ بەپەخشکردنی هەر بابەتێك بانگەوازی تاوانی توندوتیژیی بکات دژ بەدامودەزگاکانی دەسەڵاتی مەدەنی.

ئا بەم جۆرە ڕاگەیاندنی (العربیة) داوای سەربەخۆیی ڕاگەیاندن دەکات، ئایا کەناڵێکی ئەمریکی هەیەو بابەتێك

بەدەنگی کابرایەکی نەخۆش و تاوانبار بۆ ماوەی (١٧) دەقیقە بڵاوبکاتەوەو داوای کوشتنی سەرۆك بوش بکات..؟

ئایا بۆ نموونەی ئاوا چەپڵە لێدەدەن، وەك نموونەیەکی پراکتیکی دادەنێن..؟ یاخود بەکارێکی نامەسئولانەو بێباك لەقەڵەمی دەدەن..؟ ئایا دەسەڵاتی ئەمریکا هیچ هەڵوێستێك وەرناگرێت و بێدەنگ دەوەستێت..

ئایا چی دەبێت ئەگەر کەناڵی (BBC) کاسێتێکی لەمجۆرەی بڵاوکردەوەو داوای کوشتنی "تۆنی بلێر"ی سەرەك وەزیرانی کرد..؟

وەڵامی ئەم پرسیارە ساکارە، کاری لەمجۆرە روونادات، چونکە لەبەریتانیا یاسای روون و سیاسەتێکی ئاشکرای هەیەو ئەم پێودرانەی کەچاکییەکان دەسەنگێنێت رێگا نادات بەهەڕەشەی لەمجۆرە.. کەواتە بۆچی لۆمەی ئەنجومەنی حوکم دەکرێت، چونکە ئەو هەڵوێستەی گرتەبەر بۆ پاراستنی خودی خۆی بوو.؟